# گەندەڵی و گەمژەیی ، دکتۆر کەمال دەکاتە ئەفسانە !

د . ئەحمەد میراودەلی



Mirawdaly@hotmail.com

دوابەدوای بێ سەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال. لەژێر ناونیشانی (دکتۆر کەمال قادر، لەنێوان ڕسواکردنی گەندەڵی وئازادی ڕادەربڕین و تۆڵەدا ) وتارێکم لە چەند ماڵپەڕێکی کوردیدا بڵاو کردەوەو، ئامێژەم بۆ ئەو ڕاستییەکرد کە، دەربڕینی نا ڕەزایی و ڕەخنەی ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد ، خوانەخواستە مەبەستم " ئەو نووسەرانەی نێو وڵات نییە کە خۆیان خەساندووە" ، لەسەر ئەوە نەبوو کە، دکتۆر کەمال دادگایی نەکرێ . بەڵکو لەسەر شێوەی ڕفاندن و بێ سەرو شوێنکردنەکەی بوو کە، هیچ شێوەیەکی یاسای سیڤیلی لەخۆ نەگرت. خۆ زوربەی نووسەران و ڕۆشنبیران، یەک لەوانە بەندەش، لەگەڵ شێوازی نوسینەکانی دکتۆر کەمال دا کۆک نین. وەلێ قورپێوانی ئێمە هێندەی بۆ مشتەی نێو هەمانەکەیە ئەوەندە بۆ خودی دکتۆر کەمال نییە. ئەو مشتەیەی کە بە هەموو زماندارێکی کوردستانی دەڵێ ، زمانت لە ئاستم دا، بدروو، نابینای گەندەڵییەکانم بە، گوێ ڕایەڵ و کاسەلێسم بە، ئەگەر نا، کە لەهەندەرانیش دەژی، بۆ سەردانیش، سەر بەکوردستاندا مەکەرەوە.

ئەگەر حکومەتی هەولێر، بەشێوەیەکی ئاسایی، بەواتای بە بڕیاری دادوەرێک، لەسەر داواکاری هاو وڵاتییەک یان چەند هاو وڵاتییەک، کە داوایان لەسەردکتۆر کەمال تۆمار کردبا، جێگەی خۆی دەبوو ڕاپێچی دادگا بکرایە، وەلێ پێش دادگایی کردنی هیچ پێویستێک بەزیندانیکردنی نەبوو. ئاخر ئەو بەپێی خۆی گەڕاوەتەوە کوردستان و کەسێک نەبووە لەدادگایی کردنی ڕابکات، هەتا دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ڕەوابێ.

ئەگەر بەندکردنیشی بۆ هەر هۆیەک پێویست بایە، دەبوو لەلایەن "پۆلیس"ی شارەوە ئەنجام بدرایە. کاری ئاسایش دەبوو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بێت نەکا ڕاوەدوونانی هاو وڵاتیان.

ئەگەر، دکتۆر کەمال بەنووسینەکانی، ویستبێتی تۆڵە لەبنەماڵەی بارزانی بکاتەوە، ئەوا شێوەی گرتن و سزادانەکەی، هێچ گومانێکمان بۆ ناهێڵێتەوە کە بنەماڵەی بارزانیش تۆڵەسێن نەبن (العین بالعین والسن بالسن).

کەسێک دەبێ زۆر ساویلکانە بیر بکاتەوە ئەگەر وابزانێ بنەماڵەی بارزانی، ئاگای لەو کەینوبەینە نییە، ئەمەش گرفتی بەندە نییە، گرفتی بەندە لە دوو خاڵدایە.

یەکەم: ئەو دادوەرەی سزای بەسەر دکتۆر کەمال دادا، پێڕەوی کام بڕگەی یاسایی و یاسای کام وڵاتی کردووە، هەروەها بەکتێبی چ ئاینێک سوێندی دادوەری خواردووە ؟

دووهەم: بنەماڵەی بارزانی کە زۆر کورد، لەوانەش خودی خۆم، ئومێدەواریی ئەوەم لێ دەکردن ڕۆژێ لەڕۆژان و لە دۆخێکی گونجاودا، جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بدەن، چاوەڕوانی ئەوەم لێیان دەکرد بە سێنگێکی فراوانەوە بەرەنگاری ڕەخنەی قورس و سوکایێتی پێکردنیشیان ببانایەوە، ئەگەر وەهاشیان بکردایە، ئێستا کێشەی دکتۆر کەمال نەدەبوو بە گوێزان لە قوڕگیان دا کە بە هەرلادا بیبەن، بیانبڕێ.

ئێستا بیردەکەمەوەو لەخۆم دەپرسم، ئەگەر ماڵی بارزانی جاڕی سەربەخۆیی کوردستانیش بدەن، دەبێ چ ڕژێمێک لەکوردستاندا لەسایەی بنەماڵەکەیانەوە کە خۆی لەسەروو یاساوە دەبێنێ  بێتە کایەوە ؟

بەڕای من ئەگەر، ڕاوێژکارانی بنەماڵەی بارزانی پێشنارکەری ئەو هەڵوێستەبووبن بەرامبەر دکتۆر کەمال، ئەوا، یان گەمژەن و شایستی ئەو جێگەیەنین، یانەکا، ناپاکن بە بنەماڵەکەیان.

ئێستاش زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە باشترە، ڕەوانییە کێشەکەبکەنە مەسەلەی ، سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب، ئازادکردنی دکتۆر کەمال باشترە لە بەندکردنی. بەندیکردنی دکتۆر کەمال هیچ سوودێک بەماڵی بارزانی و پارتی و حکومەتی هەولێر ناگەیەنێ لەوەزیاتر کە، ببنەقوڕەچەورەی دەست و بنێشتەخۆشەی دەمی نەیارەکانیان.

لەکۆتاییش دا دەڵێم، دەسەڵاتی بەرقەرارکارو ڕێزگرلە یاسا، خۆشەویست و جێگەی ڕێزی جەماوەرە.

بەرقەراربێ یاسا، بەرقەراربێ دەسەڵاتی گەل.